گەرمیان.. ڕووداوێکی هاتوچۆ دوو بریندارى لێکەوتەوە

ئێوارەی ئەمڕۆ چوارشەممە،لە روداوێکی هاتووچۆ لە نیوان ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسکیلێکی سێ تایە لەسەر ڕێگەی کەلار – رزگاری روویدا و دوو کەس بریندار بوون.

بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی گەرمیان بڵاویکردەوە، لە نزیک بەرزەپردی نەوان کەلار – رزگاری، ئۆتۆمبێلێکی جۆری هەندا سەنتافی و ماتۆڕسکیلێکی سێ تایە، بە ئاراستەی قەزای کەلار هاتوون و پێکیاندادەوە؛ بەهۆیەوە دوو کەس بریندار بوون.

ئاماژەی بەوەشکرد، بریندارەکان لەخۆی و سەرنشینێکی ماتۆڕسکیلەکە بوون و گوێزرانە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، پاش وەرگرتنی چارەسەری پێویست، یەکێک لە بریندارەکان بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی کرا و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە لەلایەن تیمی هاتوچۆوە دەستپێکردووە.